سودانی سەبارەت بەزەوییەکانی کارمەندانی زیندانی حوت لەزیقار چەند هاسپاردەیەک دەردەکات

ئەمە پەنجشەمە، محەمەد شیاع سودانی سەرۆک وەزیران، ڕەنمایی دا کە نرخی ئەو زەویانەی کە بە کرەکارانی زیندانی ناوەندیی ئەلحوت لە ناسریە تەرخان کراوە، کەم بکرێتەوە، هەروەها بەپێی یاسا و ڕەنمایی کارپێکراوەکان بەسەریاندا دابەش بکرێت.

نوسینگەی هاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەهاگەیەندراوەکدا کەدەستی موتەبع کەوتووە بەاویکردەوە،سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمە پەنجشەمە، لە میانی سەردانەکەیدا بە پارێزگاری زیقار، پێشوازی کرد لە چەند نوێنەرێکی ئیدارەی زیندانی ناوەندیی حوت لە ناسریە.

وتیشی لە میانی دیدارەکەدا پەداچوونەویان بە دەخی ئەستای زیندانەکە و ڕەکارەکانی بەڕەوبردن و پاراستن و بارودۆخی کارمەندەکانی زیندانەکە و دیارترین ئاستەنگەکانی بەردەم ئیدارە و ڕەگاکانی چارەسەرکردنیان کرد.

سودانی فەرمانی کرد نرخی ئەو پارچە زەویەی کە وەزارەتی داد لە وەزارەتی دارایی کڕیوە و بە

کارمەندانی زیندانەکە دیاری کراوە، کەم بکرێتەوە و بەپێی یاسا و ڕێکارە پەسەندکراوەکان بەسەریاندا دابەش بکرێت.